www.kurdistannet.org
29-5-2003 11:11

# هەڵوێستی مەکتەبی سیاسی ( ی. ن. ك) لە شاری کەرکوکدا

*بەرێز فریدون عبدالقادر ئەندامی سیاسی ( ی. ن. ك) ئەم کانەت باش.

- کاتی بەرێزتان باشتر.

* کاك فریدون هەڵوێستی ( ی. ن. ك) لەم ساتەدا کە هاوولاتی یەکی کوردی بێلایەن بووە بە پارێزگاری کەرکووك چی یە ؟ !.

- سەرەتا ئێمە پیرۆز بایی لە هەموو شاری کەرکوك دەکەین و پیرۆزبایی لە بەرێز کاك عبدالرحمن مستەفا دەکەین ... ئێمە وەکو مەکتەبی سیاسی ( ی. ن. ك) پاڵ پشتی سەرکەوتنی ئەو بەرێزە بووین ... بێگومان سەرکەوتنمان لە کەرکوکدا نیشانەیەکی گەورەیە بۆ داهاتووی میللەتەکەمان ... وا ئێمە هەر لە سەرەتاوە لە پارێزگای سلێمانی‌یەوە هەموو تاقەت قوەتمان بە یەکخستوە بۆ دیموکراتی بوونی شاری کەرکوك ...

*بەرێز کاك فریدون بەرێزتان وەك ( ی. ن. ك) لە گەڵ برایان ( پ. د. ك) بەدوو ئیدارەی جیواز هاتن بۆ کەرکوك بریتی بوون لە دوو پارێزگار کە ئێستا هەردووکیان ئەندامی ئەنجومەنی شاری کەرکوکن لە کوردەکان ... هیچ لە دوو پارێگارانە خۆیان نە پاڵیوێت. ئایا ئەمە بە رێکەوتنی هەر دوو حیزب بوو ؟!.

- بەڵێ ئێمە وەك ( ی. ن. ك) لە گەڵ برایانی ( پ. د. ك) تەواو کۆك بووین لە سەر ئەم مەسەلەیە ئێمە بۆ مەسەلە گرنیگەکانی میللەتەکمان هەموو توانیایەکمان دەخەینەگەر وەك لە مەسەلەی کەرکوکدا بۆتان دەرکەوت ئێمە چۆن هەڵسەوکەوت دەکەین لە مەسە لە سیستراتیژییەکاندا ...

*ئایا ئەم رێکەوتنە لە کەرکووك دەبیت بە سەرەتایی یەك خستنی ئیدارەی سلیمانی و هەولێریش ؟

- هیوادارین لە زووترکاتدا ئەوە جێ بە جێ بێ ئێمە کاری تەواوی بۆ دەکەین هیوادارین ئیدارەکانمان یەك بخەین بەلاّم ئێمە لە سەر هەموو مەسەلە ئیستراژییەکان زۆر متفقین ...

زۆر سوپاس

سوپاس بۆ بەرێز

سابیری محمو\د داماو

کوردستان نێت www.kurdistannet.org